نەسر لە جامی وەرزی ریاز لە ئینتەر میامی بردەوە



لە جامی وەرزی ریاز نەسر بە شەش گۆڵی بە وەڵام لە ئینتەر میامی بردەوە.

لە یاریيەکانی جامی وەرزی ریاز هەردوو یانەی نەسر و ئینتەر میامی روبەڕوی یەکتر بوونەوە.

لە تایمی یەکەم هەر لەگەڵ دەستپێکی یاریيەکە ئێتافێ گۆڵی یەکەمی بە نەسر تەمارکرد لە خولەکی سێ، پاشان لە خولەکەکانی 10 و 12 تالیسکا و لاپەرت دوو گۆڵی تریان بە یانە سعودیەکە تەمارکرد و تایمی یەکەم بەو سێ گۆڵە کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەمدا لە خولەکی 51 تالیسکا توانی گۆڵی چوارەمی نەسر تەماربکات، لە خولەکی 68 محەمەد ماران دووبارە گێشتەوە سەر گۆڵی ئینتەر میامی و بە پێنجەم جار تۆپی گۆڵی یانەکەی هێژاند، کاروانی گۆڵکانی نەسر کۆتایی پێنەهات تا لە خولەکی 73 تالیسکا شەشەم گۆڵی بە تەمارکردن.

لە خولەکی 83 لیۆنێل میسی هاتە نێو یاریگاوە بەڵام نەیتوانی یارمەتی یانەکەی بدات لە تەمارکردنی

گێ و سەرئنجام یارییەکە بە شەش گێی بە وێنام لێ بەرژەوەندی نەسە کەتایی پێهات.